# خودی گوڵ

محەمەد بیابانی
لە فارسییەوە: کەریم سۆفی

ئەولای زەوی ماڵی ئێمە بوو بەرلەمە
میحرابی عاشقانەی ئێمە بوو بەرلەمە

لەو کۆڵانانە، نەرمە بارانی بەردەوام
مۆسیقای شەوانەی ئێمە بوو بەرلەمە

وێڕای ئەم دووری و بەرزییەش، ئەستێرە
دەستی لەسەر شانی ئێمە بوو بەرلەمە

من بووم و تۆ بووی و ئاسمانێك دەنگ
دارستانیش میچی بەرزی ئێمە بوو بەرلەمە

خوازیاربووین بۆ تەماشای ئەو بچین
ئاوێنەش بە کۆڵی ئێمەوە بوو بەرلەمە

ڕازیی لالانەی یەکەم ئەزموونی باڵقبوون
جوانترین گۆرانی ئێمە بوو بەرلەمە

جووتە دڵێکی سادە، کوناری (*) دەم ڕێ
تەنیا ئەمانە نیشانەی ئێمە بوو بەرلەمە

بڕوایی بە باڵندەیەك، گەواهیدان بە خودی گوڵ
یەکتایی هەمیشەیی ئێمە بوو بەرلەمە



*** کونار: جۆرە گیایەکە لە شێوەی درەختێکی بچکۆلە، بەرزییەکەی مەترێك، تا مەتر و نیوێك دەبێت، لقەکانی لووسە و گەڵاکانی بچووك و هێلکەیی نووك تیژن، کوتراوەکەی بەناوی (سەدر) وەك دەرمان بەکاردێت، بەرەکەشی وەك میوە دەخورێت، بە عەرەبی پێی دەڵێن: (شجرە النبق).**

**- بڕوانە فەرهەنگی (معین) بە فارسی.**

**سەرچاوە:**
**مجله ادینه، شماره ٧٦ دی ماه ١٣٧١، ص٣٨.**

## تا هەزار شەو

**مەنسوور مەلەکی**

نەتدەزانی دەبییە
شەهرەزادی چیرۆکەکانی من
چیرۆکەکان دەدەمە تۆ
تەواوی شەوان بەبێ تۆ
چیرۆکی تۆ دەگێڕمەوە
هەموو شەوێك تا هەزار شەوی تر
چیرۆکی تۆ پێڵووەکانم دادەخات
یادەوەریشت
وەك حەریرێك دامدەپۆشێ
سەرلەبەیانی ڕۆژی پاشتر
ئاوێنەکان پێم دەڵێن
وەك منداڵێك خەوتبووم.

**سەرچاوە:**
**مجله ادینه، شماره ٧٦، دی ماه ١٣٧١، ص٣٩.**

## لێکدانەوە

**مجید روانجو**

یەکەمین وشە
تامی سێوی نەبوو
تامی گەنمی نەبوو
تامی ژنی نەبوو
ئەهریمەنیش لەو پشووەی کۆتایی هەفتەدا
هێشتا منداڵ بوو
خەونی نەبوو
ناسنامەی نەبوو
بەدوای شتێکەوە بوو
ڕەنگە دەنگدانەوە بێ
لە سێبەری سۆزی گیا
درەختەکان کە شین بوون
مانگیش کە تەواو پڕ بوو
ئاویش کە بەخاڵی سەرەکی گەیشت
(با)ش کە وەستا
جیهان سپی بوو
وشە لە وشەدا لە دایك بوو
ئادەمیزادیش لە وشە

**سەرچاوە:**
**مجله معیار، شماره ٤٣-٤٤، خرداد-تیر/ ١٣٧٩، ص٤٣.**